# کۆمیتراژیدیای بڕیاری مەرگ بە سەر سەددام حوسێندا

حەکیم کاکەوەیس

مێژووی کورد، وەک میللەتێکی ژێردەستە، پڕە لە ڕاپەڕین و کارەسات و کۆمەڵکوژی و سووکایەتی و خۆفرۆشی. دەیان هەزار ئافرەتی کورد لە سەردەمی فتووحاتی ئیمامی عومەردا کرانە سەراری و دیاری بۆ دەسترۆیشتووەکانی ئەوسای جەزیرەی عارەبی. دەیان هەزاری تر لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا تالان کران و بۆ عەسکەرە عارەبەکان حەڵاڵ بوون و نێرینەکانیشمان موالیگەلێکی جاش و ئەوساش هەر خەفیف بوون. تاوانی زۆر لە دژی نەتەوەکەمان ئەنجام دران بەڵام قەت نەگەیشتە ئەوەی کە سەددام حوسێن بە کوردی کرد. ئەو دەمانە، ئەگەرچی بەربەرەکانیمان کردووە، بەڵام خیانەتیشمان لە میللەت و خاکی خۆمان کردووە. لە سەردەمی سەددامیشدا هەمان کارمان پێ کراوە و هەمان کاردانەوەشمان هەبووە: شۆڕش و جاشایەتی و خیانەتکاری. لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە کورد، لە دوای تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی مادەکاندا، داوایان کردووە ببنە حەرەسحدوودی فارسەکان و ئێستاش هەر ئەوەمان دەوێ!

خیانەت و جاشایەتی و حەرەسحدوودی لە چارەمان نووسراون و لە کرۆمۆسۆمەکانماندا تۆمار کراوون و بە خۆمان و سیاسەتمەدارانەوە، زۆر لەوە گچکەتر و زەلیلترین ئازادی ڕەوای خۆمان ببینین. هەرە گەورەی ئەمڕۆی کورد، گەورەی کۆمەڵێ کۆیلەیە و کۆیلەوانی زۆرداران و داگیرکەرانە. ڕاستە یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەمان چیایەکانمانە، بەڵام هەر چیایەکانیش بوونەتە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی ئازادی خۆمان بە دەست نەهێنین. هەر لێمان قەومابێ، هەرە ئازا و قارەمانەکانمان داویانەتە شاخ و مەیدانی شەڕیان بردۆتە ناوماڵەکەی خۆیانەوە. شانازیش دەکەین کە ئێمە دەستدرێژیمان نەکردووە. شەرمەزاریی، وای لە عارەب و تورک و فارس کردووە، هەم وڵاتیان هەبێ هەم وڵاتی ئێمە داگیر بکەن! خۆزگە ئێمەش شەرمەزار دەبووین! خۆزگە سەرسەرییەکانی ئێمە دەیان هەزار ژنە عارەبیان بڕفاندابا و ڕەگەزپەرستە نامەردەکانمان کچە عارەبیان بە مەلهاکانی دیاربەکر بفرۆشتبا، بەڵام ژێردەستە نەدەبووین. خۆ پەموکێکلمان لێ هەڵدەکەوت تا بە هۆی بەرگریکردنیەوە لەو غەدرلێکراوانە، خەڵاتی نۆبێل وەرگرێ و سەری میللەتە زاڵمەکەی خۆی لە ناو گەلاندا بەرز بکاتەوە.

بە بەر چاوی کوێرمانەوە، عارەب ئیسلامی بە کار هێنا و توانی زمان و دەسەڵات و دەوڵەتی خۆی لە دوورگەی عارەبییەوە دەرهاوێژێ و بیگەیەنێتە ئەندەلوس و ببێتە میللەتی هەڵبژاردە و لە خواردنی خوێن و کوڵکی کوتراوی حوشترەوە (عیلهیز) بگاتە ئەوەی منارە پێچدارەکەی سامەڕا و کۆشکی هەڵواسراوی بابیل و تەنانەت پشتکۆش بە هی خۆی بزانێ. تورک، بە چەندسەد سوارێکەوە، ئیسلامی قۆستەوە و چەندسەد ساڵێک لە سێ کیشوەری جیهاندا دەسەڵاتی هەبوو و هەر بە کەرەسەی ئیسلام خۆی لە فەوتان و نەمان ڕزگار کرد ئەوسا کە پێویستی پێی نەما، تووڕی دا و بووە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوروپی. فارسەکان، ئایتراپەکی تایبەتییان لە ئیسلام داتاشی هەر بۆ ئەوەی نەبنە ژێردەستە و کۆیلەی عارەبی عیلهیزخۆر. کەچی کورد، سەر زمان و بن زمانیان ئەوەیە هۆی داوکەوتنی خۆیان بۆ ئاینی ئیسلام بگەڕێننەوە... تەح! با کەمێکیش تەماشای عەقڵی قوتی خۆمانیش بکەین! ئێمە بۆ ئاینی ئیسلاممان نەقۆستەوە؟

چما زەردشتی کە ئاینی خۆمان بوو، لە دژی خۆمان بەکار نەهێندرا؟ چما کۆمۆنیزم کە ئایدۆلۆژیایەکی نێونەتەوەییە و بۆ هەموو میللەتان وەک یەکە، نەبووە چەکی ژێردەستەیی و بچووکیمان؟ چما ئەژدەهاک هەر (ئاستیاگ)ی شۆڕشگێڕی دژە دەسەڵاتی فارس نەبوو وا جەژن بۆ تێکشکانی دەگێڕین و نەفرەتی لێ دەکەین؟ چما هەر ئێستا ئەوەی خیانەتی کردبێ ڕۆڵی لەوانە زیاتر نییە کە خوێنیان لە پێناوی نەتەوە و خاکەکەیاندا ڕژاوە؟ ئەرێ ئێستا کۆنە جاش و کۆنە پێشمەرگە کامیان پتر شانازی بە کار و کردار و ڕابردووی خۆیەوە دەکا؟. ئەدی هەوڵی یەکگرتنەوەی عیراقی پارچەکراو لە لایەن سیاسەتمەدارانی کوردەوە خۆکوژییەکی تر نیی؟ ئەگەر سیاسەت لە ناو کورددا بازرگانی نەبێ، بۆچی کەس، بە ئامان و زەمان دەسبەرداری نابێ؟ نا! هەر خۆمانین خۆمان! خۆمان و کەسی تر نا! مادام گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا سەردانیمان دەکەن و لووسکە و پووسکەی ئەورووپا لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە بای دەدەن، ئێمە شتین! مادام ڕەوشتی کۆمەڵگای کوردەواری لە بناغەوە هەڵتەکاوە، ئێمە پێشکەوتوین. کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە کورد، هەمیشە لە حوشترەوانەکانی بیابان پێشکەوتووتر بووە بەڵام ئەوان ئێمەیان وەک قافڵەی حوشتر قەتار کردووە و لێماندەخوڕن؟ پێشەکوتنی بێ دەسەڵات خۆسووکردنە! هاوڕێیەکم کە عارەبەکانی فێرە عارەبی دەکرد گوتی: "وانەی زمانی عارەبیم پێ دەگوتنەوە، کەچی گاڵتەیان بە عارەبییەکەم دەکرد. پێم گوتن: شەرم کەن! من ئەو زمانەتان فێر دەکەم کە دایکتان فێری نەکردوون، کەچی گاڵتەم پێ دەکەن!" بەڵێ، مامۆستای کورد لە لای ئەوان لە نەخوێندەواری عارەب بچووکترە

له سەردەمی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا، ئەو غەدرەی کە لێمان کرا گەیشتە لووتکە و ئەو دڕندەییەی کە سەددام حوسێن بەرانبەر گەلی کورد ئەنجامی دا لە جیهانیشدا کەموێنەیە. کەچی ئێستا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و کۆمیدیایی وەها حوکمی مردنی بە سەردا دراوە کە لە بەرژەوەندی کورددا نەبێ. ئەو هاوکێشە سیاسییەی کە سیاسەتمەدارانی کورد بۆ کوردیان سازداوە، جێی خیانەت و دڵسۆزی، جاشایەتی و پێشمەرگایەتی، پاکی و ناپاکی و مانەوە و کوشتنی سەددامی وەها گۆڕییەوە، نەزانین بەرژەوەندیمان لە کوێ و لە کامەدایە و نەزانین ئەو هاوکێشە کوردییە چۆن شی دەکرێتەوە! عیراق یەک پارچە بێ یا نغرۆ بێ؟ سەددام حوکم درا، بەڵام ئەدی تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە و بەرزانییەکان و ژنە فرۆشراوەکان و تەعریب و قەڵادزێی 1974 و فەیلییەکان؟ ژیانی هەر کەسێکی کورد دەگری، بە هۆی زوڵمی سەددامەوە داستانێکە!

**سەددام لە سەر 148 عارەب حوکم درا. ئەدی ئێمە** مرۆڤ نین؟ ئەوانەی ئەنفال کران مرۆڤ نەبوون؟ کورد مرۆڤ نییە؟ لە سەر ئەوەشەوە، سیاستمەدارانی کورد خەڵکیان هێناوەتە سەر شەقامەکان تا هەڵپەڕن! بۆ چی؟ بۆ تۆڵەی خوێنی 148 عارەبی شیعە! ئەدی تۆڵەی کەسوکاری من کە ماوەی دوو ساڵ لە سنوورەکانی سعوودییە بەند کران؟ ئەدی ئافرەتە فرۆشراوەکان؟ ئەوانە نرخیان نییە و خۆشی ئمە بە خۆشی ئەمەریکاوەیە! کە ئەوان پێیان چاکە حوکم بدرێ، هەڵپەڕین لە سەر ئێمەیە!

**هیوادارم شەرەف لە ناو کورددا واتایەکی مابێ و بۆ ڕسوابوونی باوکی خۆمان و ڕەدووکەوتنی دایکی خۆمان و فرشتنی کیژەکانمان هەڵنەپەڕین**! با هێندەمان کەرامەت هەبێ، هەر نەبێ لە خۆشی لەدەستدانی کەرکووک قژ و سمێڵی سپی بۆیاغ نەکەین! ئێمە خەریکی چین؟ کەسێ کێشەی کەرکووکی هەبێ، چۆن دەتوانێ خەو بیباتەوە و چۆن دەتوانێ بۆیاغ لە قژ و سمێڵی خۆی بدا؟ سەیر ئەوەیە چاک دەزانن کە هەموو کەس دەزانی سوببووغاوین، کەچی بێ منەتن و هەر دەیەکەن و کەرکووکیش بە بەر چاویانەوە زۆرگێ دەکرێ! مەسەلەی کورد بە گشتی بۆتە گاڵتەجاڕییەکی کۆمیتراژیدیا.

**سەددام حوسێن حوکمی مەرگی بە سەردا دراوە. ئەمە خەونە یا خەیاڵ؟ بەڵام لە سەر چی حوکم دراوە؟ لە سەر ئەنفال؟ نا**. مەبەست لەو حوکمدانە ئەوەیە کە ئەنفال، وەک کردارێکی جینۆسایدی کورد نەکەوێتە ناو فایلەوە و نەبێتە بابەتێکی مێژوویی. هاکە زانیتا عەلی کیمیاویش بە دەردی خوا سەری نایەوە و باسی ئەنفالی بردە گۆڕەوە!. ئەمانە گەمە بە خوێنی کورد دەکەن تا گەمە بە شەرەفی ئێستا و ڕابردوویان نەکرێ! ئەمانە خۆیان ئەنفال و شەڕی قڕکردن سرپۆش دەکەن چونکە خۆیان دەستیان تێیاندا هەبوو. خۆ ئەو لستە دوور و درێژەی جاسووسان گەمە نییە! ئەو لستەیە، بەرەیەکی دڕاوە و لستەیەکی لە خۆی خەتەرناکتری شاردۆتەوە!

ئەی خوای گەورە! تەمەن و تەندروستیم مەودام نادەن جارێکی دی، سەر لەنوێ لە هەندەران بژێم! بمەرەوە بۆ خۆت، ئەی ئێزدانی مەزن! ناتوانم چارەی خیانەتکاران ببینم! خۆفرۆش و قەڵەمفۆش وەک شەیتان لینگ لێکدەدەن و کە دەتەرەکێن، هەر جارە و چل تووتکەزۆڵ دێنن! خیانەتی قەڵەم لە سەرەوەی هەموو خیانەتەکانەوەیە و ئەوپەڕی برەوی هەیە!